

گڵەو ڕێزمانی کوردی
مەلا عەلی مامەجەلکەیی
ساغکردنەوەو لێکۆلینەوەو ئامادەکردنی
د.خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو
د.هێمن عومەر خۆشناو
مەلا عەلی مامەجەلکەیی

مەلا عەلی مامەجەلکەیی

# گاڵەو ڕێزمانی کوردی

ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی

د.خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو و هێمن عومەر خۆشناو

**2016**

لە بڵاوکراوەکانی

**دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن و ساغکردنەوەی دەستنووس**

ژمارە (1)

- **ناوی کتێب:** گاڵەو ڕێزمانی کوردی
- **ناوی نوسەر:** مەلا عەلی مامەجەلکەیی (1917-1987ز)
- **ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی:** د.خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، د.هێمن عومەر خۆشناو
- **نۆرەو ساڵی چاپ:** یەکەم/ 2016
- **تیراژ:** 1000
- **نرخ:** 3000 دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (  ) ی ساڵی (2016)ی پێدراوە.

✓ **مافی چاپکردنەوەی بۆ دەستنووسخانەی زانکۆو نووسەر پارێزراوە**



# مەلا عەلی مامەجەلکەیی

(1917-1987ز)

# پێشەکی

لە سەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، لە بارودۆخ و سەردەمی پڕ لە کێشمەکێش و ژیانی زەحمەتدیدەیی خەڵکی کوردستان، کەسانێك هەبوون، کە بەربەرەکانیی ستەم و بێدادییان کردووەو یەکێکیش لەو بێدادییانە، فەرامۆشکردنی زمانی کوردی بووە لە لایەن ئەو دەستەلاّتە بێگانانەی کوردستانیان لەبن دەست بووە. لایەنێکیش کە دژایەتی کرا، زمانی کوردی بوو. جا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەم و زۆردارییە، وێڕای خەباتی چەکداری و سیاسییانە، خزمەتی زمانی کوردی بە ئەرکێکی پێویست زانرا، بەتایبەت لەلایەن هەندێ لە دڵسۆزانی زمانی کوردی.

لێکۆڵینەوەی زمانناسی لەناو کورددا، ئەگەرچی وەك بابەتەکانی تری نووسین و لێکۆڵینەوە درەنگ سەریهەڵداوە، بەلاّم هەر لە زووەوە زانایان و ئەو کەسانەی لە حوجرەو مزگەوتەکاندا دەیانخوێند، بایەخیان بە گشتی بە زمانەوانی داوە، هەرچەندە کەرەستەکە ئەگەر زمانی کوردیش نەبووبێ، بەلاّم دوای هەستکردن بە چەوساندنەوەی کورد بە چەکی زمان، پێویست بوو زمانی کوردی ببێتە مەیدانی لێکۆڵینەوە.

بۆ ئەمەش زانایەکی کوردی وەکو مامۆستا مەلا عەلی مامەجەلکەیی (1917–1987ز) لەناو ئەم بۆشاییەی زانستی زمانی کوردیدا بێ ئەوەی لە

پــەیمانگاو زانکۆیــەك تیۆرەکـانی زمـانی خوێنـدبێ، هــەوڵی داوە بــە گــوێرەی تێگەیشــتنی خــۆی و لــە ئــەنجامی ڕامــان و قووڵبوونــەوەی بــۆ فەرهــەنگی زمانەکەی، ئەم بناغـەو بنچینە ڕێزمانییانـە دابنـێ، کـە بـە داخـەوە خـۆی ئـەم بەرهەمانەی بە چاپکراوی نەدی. کە ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا چـاپکرابان، بـۆ ئەوسای مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانناسی سوودی زیاتر دەبوو.

(مامۆستا مەلا عەلی مامەجەلکەیی) لەم کتێبەیدا لە ڕووەکـانی زاراوەسـازی، مۆرفۆلـۆجی، سـینتاکس کـاری کـردووە، بــە هێنانــەوەی نموونــەکانی دیــارە کوردیزانێکی باش بووەو کوردییەکەی هــەڵقولاوی ژیـانی گونـدو شـارەزایی ئـەو دەردەخەن لـە هەنـدێك لـە شـێوەزارەکانی کـوردو بەتایبــەتیش زاری کرمـانجی ناوەڕاست. لەمیانی کارەکەشیدا عیشق و خولیاو هۆگربونێکی لە ڕادەبـەدەر بـە زمانی کوردی هەست پێدەکرێ.

لــە ڕووی زاراوەسـازییەوە نوســەر دەسـتێکی بـالآی هــەبووەو لــەم کتێبــەدا نمونــەی زۆری هێناوەتــەوەو هــەوڵی داوە لــە هــەر بوارێکـدا، کــە پێویســتی بــە زاراوەداتاشین هــەبووبێ، زاراوەی بـۆ دروسـتبکات، ئەمــە بیرتیـژی و هەشـیاری مامۆسـتا دەگەیــەنێ لــە نووسـینی ئــەو سـەردەمەداو هەسـتی کـردووە دەبـێ بۆشایی زاراوەسـازیی کـوردی پـڕ بکرێتــەوە، بـە تایبــەتیش شـارەزاییەکەی لـە چۆنیەتی ڕۆنانی زاراوەکان، ئەوە دەردەخات، کە چەندە بە تەنگ پڕکردنەوەی ئــەو کەلێنــە بــووە بــە شــێوەیەکی زانسـتی، لــەم ڕووەوە لــە چوارچـێوەی زاراوەسازیدا هەموو ئەو هەوڵانەی دراون دوای نووسەر دێن، بەڵام چاپ نەبوونی بەرهەمەکەی، ئەمەی خستۆتە ڕیزی دواتر. هەروەها هەندێ زاراوەی داتاشیوە،

تا ئێستاشی لەگەڵدابێ لەناو کورددا، بێ زاراوەییەکە لە هەندێ شتدا، هەستی پێ دەکرێ، بۆ وێنە (وەرزشخانە، شانۆخانە....) ئەگەر لەباتی هۆڵی وەرزش و هۆڵی شانۆ بەکاربێن، زۆر گونجاوترو دروستترن. ئەمانەو چەندین نموونەی تر لەم کتێبەدا دەبینرێن، کە زاراوەسازان و فەرهەنگسازانی کورد دەتوانن سوودێکی لەبن نەهاتوو لەم کتێبە وەربگرن.

هەرچی لە بارەی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوەیە، سەلیقەی زمانەوانیی خۆی بەکارهێناوەو ویستویەتی چەند ڕێسایەك لە نێو کرۆکی زمانی کوردیدا هەڵهێنجێ و لە هەندێك شوێنیشدا لە ڕستەسازیدا چەمکی ڕێزمانی عەرەبی بەسەردا زاڵە. واتە لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا ویستویەتی هەندێك ڕێسا هەڵهێنجێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زیاتر ویستویەتی ڕێساکان لەناو پێکهاتە زمانییە کوردییەکە هەڵهێنجێ. هەرچەندە ئەوەی زمانەوانیی نوێ و هاوچەرخ ئێستا پێی گەیشتووە، لە سەردەمی نووسەر بەم شێوەیە نەبووەو چاپ و چاپەمەنیش وا پێشکەوتوو نەبوو، بۆیە ڕەنگە زیاتر تێڕوانینەکانی نووسەر سەرچاوەی ڕۆنانی یاساکان بووبن و ئێستا بەم شێوەیە نەبن.

لەبەرئەوە هەوڵی (مەلا عەلی مامەجەلکەیی) بۆ ڕۆنانی یاساکان داهێنانێکە، بۆ سەردەمی خۆی گرنکی تایبەتی خۆی هەبووە. ئەگەرچی لە هەندێك باردا، نووسەر هەوڵی ئەوەی داوە وێڕای ئەوەی وشەکە هەڵقوڵاوی کۆمەڵی کوردییە، بەڵام وەك سەردەمی گریکەکان پێی وابووە ڕێزمان دروستکردن و زاراوەو وشە داتاشین دەبێ خەڵك ناچاربکا پەیڕەوی بکا، هاوشێوەی زمانی فەیلەسووفەکان، کە دەبوایە خەڵك وەك ئەوان نووسیبایان. کەچی زمانەوانی

نویٚ ئەمە ڕەت دەکاتەوەو پێی وایە خەڵك چۆن قسان بکا، دەبـیٚ ڕێزمانەکـەش لەسەر ئەم بناغەیە ڕۆبندریٚ.

ڕەخنــەی زمـانی لایـەنێکی دیکـە بـووە نووســەر فەرامۆشــی نـەکردووە، بـە جۆرێك خەمی زمان وای لێکردووە، ڕەخنە لە نووسین و هەندێك ڕوانینی زمـانی، ســەردەمی خــۆی بگــریٚ و هــەوڵی داوە بۆچــوونە هەڵــەکان ڕاســت بکاتــەوەو چارەسەری گونجاویان بۆ دابنـیٚ، بۆیـە لـە چـەند شـوێنی ئـەم کتێبـەدا هـەوڵی ئــەوەی داوە چارەســەرییەکان بــە ڕۆنــانی یاســا چارەســەر بکــات و خوێنــەران ئاگاداربکاتەوە کە هەندێك بۆچوون و هەندێك جـۆری نووسـین و ئاخـاوتن هەیـە هەڵەن و پێویستە ڕاستەکەیان بنوسریٚ، ئەمەش دەرخەری ئەوەیـە نووسـەر لـە ئەنجامی ڕامان و تێفکرینی خۆی ویستویەتی ڕێسایەك دابهێنیٚ هەڵقولاوی زمانی خۆمـاڵیی کـوردی بـیٚ و هـیچ زۆرلـەخۆکردن و بەسەرداسـەپاندنێکی بەسـەردا بەرجەستە نەبیٚ، ئەمەش خـاڵێکی جەوهەرییـە بـۆ بناغـەدانانی هـەر ڕێزمانێـك، بۆیە لە بواری ڕێنووسیشەوە نووسەر بە چاوی ڕەخنەوە لە کـاری زمانـەوانان و ڕێزماننوســان ڕامــاوەو ئازایانــە ڕای خــۆی لــە بەرامبــەر ڕوانینــەکانی ئــەوان دەربڕیوە، بەتایبەت لە مەسـەلەی ڕێنـووس و بەرامبـەرکردنی لەگـەڵ ڕێنووسـی لاتینی دا، کە ئەوسا ئەگەر دەرفەتی چاپکردنی بـۆ بڕەخسـابا، دوور نـەبوو بـە پێش هەموو ئەو بیروڕایانـە کـەوتبا، کـە ئێسـتا خـاوەنی ڕێچـکەو تایبەتمەنـدی خۆیانن لە ناو زمانی کوردیدا.

هەرچــی ڕووی فەرهەنگییــە، لــە ســۆنگەی ئــەوەی نووســەری ئــەم کتێبــە فەرهـەنگێکی چـل هـەزار وشـەی کـوردی نووسـیوەو جارێـك لـە کـۆڕی زانیـاری

کوردی ئەوسادا بزرکراوە، جارێکی تر فەرهەنگەگەی نووسیوەتەوەو لە ژێر ئـەم ڕۆشـناییەدا نووسـەر بـە یـەکێك لـە فەرهەنگنووسـان و کوردیزانـانی سـەردەمی خـۆی دادەنـرێ، ئـەم کاریگەرییـە بـۆ نـاو ئـەم کتێبـەش گوازراوەتـەوەو لـە هێنانەوەی نموونەکاندا زۆرترین وشەی بەکارهێناوە، کـە هەنـدێکیان ئێستاشـی لەگەڵدابێ لە نموونەی ڕێزمانیدا نەهێنراونەتـەوە، هـەروەك خۆلەقـەرەدانی ئـەم وشانەش ئەوە دەگەیەنێ، نووسەر ویسـتویەتی ئـەو چـەپەرە تێکبشـکێنێ، کـە بۆتە بەربەست لەبەردەم گەشەی زمان و وای کرد، کـە نموونـە هێنانـەوە تـەنیا لەسەر وشەی شێوەئاخاوتنێك تاپۆ نەکرێ و هەرچی وشـەی خۆماڵییـە دەکـرێ ببێتە بناغەی نموونەی ڕێزمان و گاڵەی کوردی.

کـاری ئێمـەش لـەم کتێبـەدا وێـڕای سـاغکردنەوەی دەستنووسـەکە، نەمانویسـتووە دەسـتکاری دەقەکـە بکـەین، بـەڵکو هـەر سـەرنج و لێکۆڵینەوەیـەکمان بـۆ دەقەکـە هـەبووبێ، لـە پـەراوێز ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، بەتایبەتی بە جۆرێك ڕێکمـان خسـتووە، کـە لەگـەڵ ڕەوتـی زانسـتی زمانـەوانی ئێستا یەکبگرێتەوەو هەر تێبینییەکیش پێویست بـووبێ، وەك ڕوونکردنـەوە بـۆ چـاکتر ناسـاندن و تێگەیشـتن لـە دەقـی سـەرەکیی لـە پـەراوێز پێشـکەشمان کردووە. ئەگەرچی ئەم کارە پێویستی بە زیاتر لەسەر وەستان و لێدوان هەیـە، بەڵام بە تەنیا بە ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی کورت و چاککردنەوەی کـەم و کوڕییـەکان، کتێبەکـە دەخەینـە بەردەسـتی خوێنـەر، کـە لـەناو بەرنامـەی ساغکردنەوەی ئەم دەستنووسەدا وێڕای نووسـینەوەو ئامـادەکردنی، هـەوڵمان داوە ڕێنووسی نووسەر دەستکاری نەکەین و لە هەر شوێنێکدا لەگەڵ ڕێنووسـی

ئێستای کوردیدا ناکۆك بێ، ئەوا لە پەراوێزدا بە ڕێنووسی ئێستا دەربڕینەکەمان نووسیوەتەوە، ئەمەش بۆ پاراستنی جۆری ڕێنووسی نووسەر.

هەروەها لە ڕووی ڕێزمانییەوە، هەر هەڵەیەك هەبێ، ئەوا لە پەراوێزدا ڕاستمان کردۆتەوەو بە گوێرەی پێویست ڕوونمان کردۆتەوە، ئەگەرچی دارشتنی یاساکانی نووسەر پتر بە تێگەیشتنی خۆی بووە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگاداری ڕێزمانی ئێستا بێ، لە پەراوێزدا زانیاریمان خستۆتە ڕوو.

هەرچی ئەو وشەو زاراوانەشن، کە لای خوێنەر تازەن، یان وشەی وان، کە تەنیا لە چەند شێوە ئاخاوتنێك بەکاردێن، ئەوا هەر لە پەراوێزدا هەوڵمان داوە مانای وشەکە بنووسین و مەبەستی نووسەر ڕوونبکەینەوە.

بە ئومێدی ئەوەی لە ئایندەدا توێژینەوەی زانستی لەسەر ڕوانینەکانی (مەلا عەلی مامەجەلکەیی) بنووسرێن و ئەمەش وەك نۆبەرەیەك خۆی نیشان بداو ببێتە پێشەنگی بەرهەمە چاپنەکراوەکانی تری ئەم نووسەرە.

ئامادەکاران

شەقڵاوە

2015/9/17

# کورتەیەکی ژیاننامەی نووسەر

مەلا عەلی مامەجەلکەیی یەکێك لەو نووسەرو کوردیزانانەیە، زۆر کەم ناسراوە، لە بەرامبەردا ناوبراو خزمەتێکی زۆری بە زمان و فەرهەنگی کوردی کردووە، بەڵام بەداخەوە هێشتا بەرهەمەکانی ڕووی چاپیان نەدیوە، بۆیەشە ناوی وەك سەربازی ون دەخەملێندرێ.

مامۆستا مەلا عەلی مامەجەلکەیی کوڕی محەممەدی کوڕی شێخ محەممەدە لە ساڵی 1917 لە گوندی مامەجەلکەی سەر بە قەزای شەقلاوە لەدایك بووە. سەرەتا لە گوندی ماوەران لای مەلا عەبدولوەهابی حەیدەری خوێندویەتی و پاشان لای زۆر لە گەورە زانایانی سەردەمی خۆی وەك شێخ عەبدولحەمید ئەتروشی و مەلا ئەسعەد ئەفەندی خەیلانی لە گوندی وەردە خوێندویەتی و دواتر لەلای مەلا عەبدوڵڵای شێخ عەبدولسەمەدی سەران لێ بۆتەوە. بۆیە لە گوندی ئاکۆیان پێشنوێژی و دەرسبێژی دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی و پاشان دەبێتە ئیمامی سەربازی تا ساڵی 1943. دوای ئەوەی لە پیشەکەی دەردەکرێ، لە ساڵی 1947دەبێتە واعیز بۆ بارزانییە کۆچپێکراوەکان لە گوندی شانەدەر، دواتر لە ساڵی 1960 دەبێتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی قەراسنج، پاشان بۆ مەخمورو خالص دەگوازرێتەوەو لەوێوەش بۆ شارەبان و دارەمان و تۆبزاوە لە کەرکوك. لە ساڵی 1977 خانەنشین دەکرێت.

تا دواجار لە ڕێکەوتی 1-12-1987 کۆچی دوایی دەکات. بە داخەوە تا لە ژیان بوو، هیچ بەرهەمێکی چاپکراوی خۆی نەدی.

ناوبراو کۆمەڵێك بەرهەمی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە کە لە نامەکەیدا بۆ گیوی موکریانی باس لە دوو بەرهەمی دەکات:

1-وشەبەندی زمانی کوردی (فەرهەنگێکی کوردی کوردی چل هەزار وشەییە)

2-فێرکەری ئینگلیزی و کوردی و لاتینی نوێ.

3-راڤەی وشەکانی قورئانی پیرۆز.

4-گاڵەو ڕێزمانی کوردی. (بە داخەوە ئەم کتێبەی کاتی خۆی ناردبوو بۆ کۆڕی زانیاری کوردی، زیاتر لە 700 لاپەڕەبوو، لەوێ ونیان کردبوو). دواتر کەمێکی دوبارە نووسیوەتەوە. کە ئەم کتێبەی بەردەستتە.

5- تەرازووی هۆنراو (میزان الشعر): ئەم کتێبەشیان دیارنەماوە.

6-تاکە وشەکانی کوردی (سۆرانی - بادینی)، پێنج جزم و دووهەزار لاپەڕەیە (ئەمەش دیارنەماوە).

7- دوو کتێب لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە (دیارنەماوە)

8- ئەلف و بێی لاتینی نوێ (بە زمانی عەرەبی): ئەم کتێبەش نەماوە.

5-هەندێ شیعرو وتارو وەرگێڕانی.

# پێڕست:

پێشەکی..................................................................5
کورتەیەکی ژیاننامەی نووسەر.................................................11
نەختێ ڕێسایەکانی گاڵەی کوردی...........................................13
هۆ =شت ئاوەر (اسم الآله) .......................................................13
شت دان (دەفر) جێ کردن.................................................... 14
ڕێسا..................................................................15
خاوەن شت= ناوار (اسم فاعل) ئاوەڵناو...........................................16
ڕێسای دەفر = زەرفی کاتیو شوێنی بەهۆی بێژەی (دان)و (دین).................17
ڕێسای چێ کردنی پێچوێنراو بەهۆی بێژەی (انی)و (یانی).........................18
ڕێسای پێ مامەندکراو ( تەشبیهکراو)...........................................20
ڕێسای دروستکردنی ناوی باجانە بە وشەی (انە)و (یانە)............................21
ناوی جۆرەهای باجان...........................................................22
سەرنج..................................................................23
ڕێسای چێ کردنی کرداری (گوم بکەر) بە وشەی (را)..............................23
ڕێسای کرداری گوم بکەر، بە وشەی (رێ)...........................................24
تێ بینی..................................................................25
ڕێسای فەرمان (داخوازی) جێ کردن بە بێژەی (با)...................................28
کرداری بە فەرمانی بەهۆیی (با بـ)...............................................29
سەرنجێك..................................................................29
ڕێسای کۆمەڵکردنی تاك بە بێژەی (ان) یان (یان)...................................30
ڕێسای کۆمەڵ کردنی تاك بە بێژەی (یان)..........................................32
ڕێسای شناسکردنی ناشناسی بە بێژەی (ەکە) و (یەکە)............................33

تیَ بینی ..........................................................................34
ڕێسای چێکردنی فەرمانی داخوازی بەهۆی بێژەی (ب)..............................34
پەیڕەوی ڕێسای داخوازی...........................................................34
تێبینی ..........................................................................34
پەیڕەوی داخوازی..........................................................................36
ڕێسای چێکردنی ڕابردوو و ڕانەبردوو ..............................................37
رووداو (کار) چاووگ ..........................................................................40
رووداو(مەصدەر)ی لێکدراو..........................................................................41
لەبابەت کاری سادەو لێکدراو ..........................................................................46
لەبابەت چێکردنی ناوار (اسم فاعل) ..........................................................................47
لەبابەت چێکردنو داڕشتنی ناوار (اسم فاعل) بە بێژەی (بە) ........................49
ڕێسای دارێژتنو داتاشینی ناوار (اسم فاعیل) ئاوەڵناو، بەهۆی ...................54
ڕێسای دارێژتنی ناوار (ئاوەڵناو) بەهۆی لکاندنی بێژەی _دەر) یان (کەر = کا.......55
نەختیَ ڕێسای داتاشینی (ناوار— اسم فاعل)= ئاوەڵناو بەهۆی لکاندنی بێژ...........56
پەیڕەوی  ڕێسای (ناوار) ئاوەڵناو ..........................................................................57
تێبینی ..........................................................................58
لەبابەت داتاشینو داڕێژتنی ناوارلۆ (اسم مفعول) ..........................................56
دەستوورو ڕێسای ناوارلۆ (اسم مفعول) ..........................................64
چۆڕاوەی ڕێسای داتاشین بە کورتی بۆ ناوارلۆ (اسم مفعول) ......................66
ڕێسای بەستەر..........................................................................67
ڕێسا..........................................................................68
نەختیَ لە ڕێسای گاڵەی کوردی ..........................................68
ڕێسای چێکردنی ناوی شتدان ..........................................................................70
ڕێسایەکی ناوارلۆ (اسم مفعول) ..........................................................................85

نەختێ ڕێسای ناوارو ناوارلۆ .......................................................87
ڕێسای داتاشینی کرداری نادیار(بێ خاوەن= نەزانراو) لە پارتی ڕابردوودا...........88
ڕێسای داتاشینی کرداری نادیار(بێ خاوەن = نەزانراو) لە پارتی ڕانەبردوودا........89
ئامرازی هاوبەشکری وشەی پاش خۆی لەگەڵ (رستێ) = حوکمی وشەی............91
وێنەکانی کرداری ڕانەبردووی بە خاوەنو بێ خاوەن ...............................92
ڕێسای کرداری ڕانەبراوی نادیار (بێ خاوەن)، نەزانراو ............................100
ڕێسای تێپەڕو تێنەپەڕ ........................................................101
دەستووری ئاوەڵناو (اسم فاعل)....................................................103
ئاوەڵناوی ڕێزمانی ...........................................................108
ئامرازی بەستنەوەو پەیوەندیو ماناهێن .........................................108
ئامرازی بەستەری پاڵدراو لە پاڵپشت ...........................................117
ڕێسای پیتە بەستەرەکان .........................................................119
پێناسینی ئامراز ...............................................................126
رستەو کرداری (ئایی)و (نایی)= چەسپاویو ناچەسپاوی =اثباتو نەفی...........127
رستەی نایی(مەنفی).............................................................128
کرداری (ئایی) موسبەت ..........................................................129
کرداری نایی (مەنفی) ...........................................................129
کرداری (ئایی) ڕابردوو (مثبت) ..................................................130
کرداری نایی ڕابراو..............................................................131
کرداری ئایی (مپبت) ڕانەبردووی ئیلزامی (پێویستی) ............................131
دەستووری پیتی فەرمانی لێکدراو (باب)..........................................132
بێژەی نەهێڵی (قەدەغەیی) = (مە) و (بانە) ....................................132
ڕێسای کرداری نەهێڵی (قەدەغەیی) (مە) .......................................136
ڕێسای کرداری نەهێڵی (قەدەغەیی) = بانە .....................................138

ڕێسا ........................................................................140
ڕێسای کرداری نەهێڵی (قەدەغەیی) بە هۆی (بانە) ..................................141
ڕێسای کرداری نەهێڵی (قەدەغەیی) بەهۆی (مەی) وە (نەی) (بانە) ..................142
کرداری قەدەغەیی بەهۆی (بانە) ...................................................144
کرداری قەدەغەیی بەهۆی (نەی) ...................................................145
ڕێسای کرداری نەهێڵی (قەدەغەیی) بەهۆی (مە) ....................................147
ڕێسای (نەی) قەدەغەیی ..........................................................148
ڕێسای (بانە)ی قەدەغەیی ........................................................148
ڕێسای (با)ی فەرمانی ..........................................................152
ڕێسای نەیی (نەکردن) ..........................................................152
ڕێسای نەیی کردنی ڕستە ........................................................153
نەئی کردنی ئاوەڵناو ...........................................................153
ئامرازی (نا) ..................................................................154
ئامرازی (بێ) ..................................................................154
تکایەکە ......................................................................155
ڕۆشنبیری گاڵەیی...............................................................160